# کەسکە خەون

**ئەم هۆنراوەیە لە ڕۆژی 13-3-1991دا نووسراوە، بۆیە پێویستە لە خوێندنەوەدا نەفەسی ئەوکاتە لەبەرچاو بگیرێ ونەفرەت لەوانەش حەماسی جوانی شۆڕشگێڕانەی ڕاپەڕینیان کوشت وناچاریان کردین ئاوات بە ڕاپەڕینکی تر بخوازین.**

## مەجید دڵنیا

**لەمێژەوە**
**چەندین سوارچاک**
**حیلەی ئەسپەشێی خەونیان**
**لەڕەوەزی ئەم ژیانە**
**هێنایە نێو کۆڕی تاودان**
**چەند هزر تیژ**
**بیری چەندین خەونی سەوزو**
**پەمەییان**
**هێنایە سەر تەختی مەیدان**
**ئەوە لاپەڕەی مێژوومان ئاوەڵایە**
**هەتا ئەمڕۆ نیشتیمانمان**
**نە سنووری بە بۆیەی سوور**
**نەخشەکێشەو**
**نەخاوەنی بەرزە شەکاوەی ئاڵایە**
**ئەی ئەوانەی**
**بەخوێناوی ئاڵ و گەشتان**
**تۆوی چەندین**
**خەونی سەوزتان بۆ چاندین**
**بۆبەهاری لێدزراوی**
**هەزاران ساڵەی کوردستان**

دڵی خۆتان خستە سەردەست
بۆ بڕواتان، بۆ مەبەستتان...
دەئەمڕۆکە هەستنە سەرپێ
تۆزی لێ نیشتووی سەرشانی
گۆڕستانتان بتەکێنن
هەستن ئەمڕۆ بەسروودی
بابڕووخێ بچریکێنن
هەستن ئێستا حەلاج ئاسا
بانگی حەق بێژی بچڕێنن
هەستن لەئاسۆگەی نیگای خۆتانەوە
ببینن وا
ئەم دەڤەرە خرۆشاوە
ببینن چۆن ئاواتەکانتان هاتەدی
تۆوی ناکۆکی نەماوە
ئەی ئەوانەی
بۆگەل وخاکتان بوون بەگوڵ
بیری ئازادیتان چاندو
بە گەواهی گۆڕەکەتان
ناوی نەمریتان خستەدڵ
ئەی بارزانی
شۆڕەسوارەکەی هەواری
شێخی خانی
تۆ نەمری
تۆبەفری سەر لوتکەی شاخی
تۆبولبولە بەسۆزەکەی
سەر قەندیل وقەرەداخی

مەلیک مەحموود
ئەی شێخی هەمیشە زیندووی
کەڤرە گەورەکەی قارەمان
شێخی نەمر
هەستە ببینە بڕوانە
واکوڕوکاڵی گەلەکەت
نەک هەر بازیان
نەک هەر بەتەنیا زنجیرە
شاخی دەروازەکەی بابان
لە گارا تاوەکو بەمۆ
وا هەستاوون
وا کوڕانی تۆڵە ئەستێن
دەوەشێنن گورزی تۆڵە
لە دوژمنی بەعسی بەدگۆ
دڵنیاشم ئەم مەشخەڵە
هەنگاو بەرەو خەونەکانی
شێخی دەرسیم ، نەهری وپیران
شکاک و پێشەوا دەنێن
دڵنیاشم ئێستا ئەوان
وەک چەکێکن وا لەسەر پێن
ئەی ئەوانەی
مەرگی خۆتان خستە سەردەست
بۆ ئەم گەلە بوون بەگوڵی
هەمیشە بەهاری زیندوو
ناوی نەمریتان تۆمارکرد
لەلاپەڕەی شکۆداری

بەرزی مێژوو
ئێوە بەفرن
ئێوە هەڵۆی بەرزەفڕن
ئێوە لەنێو دڵمان دەژین
ئێوە پێشەواو پێشڕەوون
هەستنە سەرپێ دیلانێیە
کوردستانی هەمیشە خێرلەخۆ نەدیو
ئەمڕۆ مژدەی خۆشی پێیە
وا گۆڤەندە
کچی نەورۆز خۆی گۆڕیوە
دەم بە خەندە
دەهەستن با ئەم نەورۆزە
لە تۆڵەی چەندەها ساڵەی
جەژنی نەورۆزی دزراوومان
دەنگی ڕاستی کپ کراوومان
بێژین با تەفرو تونا بێ
ڕژێمی زۆرداری وستەم
با سارێژبێ
برینی قوڵی گشت جەستەم
باگەشاوەو شکۆداربێ
بانەمرو پایەداربێ
ڕاپەڕینەکەی بەهارو
بڵێسەی گڕەکەی نەورۆز
دەبا ئاڵای ئازادیمان شەکاوەبێ و
پیرۆزبێ لەگشت گەل وهۆز